# کریس هارمان : خەباتگێڕ، مامۆستا، نووسەر و هاوڕێ

November 15, 2009

## کریس هارمان (1942-2009)

# خەباتگێر، مامۆستا، نووسەر و هاوڕێ




**کریس هارمان بۆ ماوەی زیاتر لە 20 ساڵ سەرنووسەری رۆژنامەی " کرێکاری سۆسیالیست " بوو**

**نووسینی: ئەلێکس کالینیکۆس**

**و. لە ئینگلیزییەوە: ئازاد ئارمان**

کریس هارمان، سەرنووسەری گۆڤاری سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی **International Socialism** هەروەها پێشتریش بۆ ماوەی چەندین ساڵ سەرنووسەری رۆژنامەی کرێکاری سۆسیالیست **Socialist Worker**،کتوپر کۆچی دوایی کرد بە نەخۆشی سەکتەی دڵ لە قاهیرە لە بەرواری **6-7** نۆڤێمبەر، شەوێک پێش جەژنی لەدایک بوونی **67** ساڵەی.

کریس بوو بە مارکسیستێکی لێهاتوو لە دەورانی رادیکاڵێتی سیاسی مەزنی کۆتایی ساڵی **1960** و سەرەتای ساڵی **1970** لە بەریتانیا. ئەو رووناکبیرێکی دروستکەرو بنچینەیی سەرسورهێنەر بوو لە پۆلین کردن و لێکۆلینەوەی باسەکان دا.

بەڵام، لە گەڵ ئەوەشدا پشت بەستوو بوو بە نەریتەکانی مارکس، ئەنگلس، لینین و ترۆتسکی، لۆکسەمبۆرگ و گرامیشی. ئەو شۆڕشگێڕێکی پیشەی بوو و هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ بنیاتنانی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست **Socialist Workers Party** **(SWP)**.

کریس لە ساڵی**1942** لە دایک بووە. پەیوەندی کردووە بە گروپی لێکۆلینەوەی سۆسیالیستی ، **Socialist Review Group** دواتر ناوەکەی گۆردرا بۆ سۆسیالیستە ئەنتەرناسیونالەکان) **International Socialists (IS** دوای ئەوەش بوو بە **(SWP)** – کریس خوێندکار بوو لە قوتابخانەی کوڕانی وەتفۆرد **(Watford)** دواتریش لە ساڵانی **1962-1965** خوێندکار بوو لە زانکۆی لیدس **(Leeds University)**. ئەو چوو بۆ سۆراخکردنی رێبازی دکتۆراکەی لە سەر لێکۆلینەوەی زانستی لە زانکۆی لەندەنی ئابووریناسی **London School of Economics(LSE)**.

pdfMachine - is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Get yours now!
“Thank you very much! I can use Acrobat Distiller or the Acrobat PDFWriter but I consider your product a lot easier to use and much preferable to Adobe's" A.Sarras - USA

# کریس هارمان : خەباتگێڕ، مامۆستا، نووسەر و هاوڕێ

**November 15, 2009**

لە بەشی دووهەمی سالآنی **1960** دا زانکۆی لەندەنی ئابووریناسی بیووە بە سەنتەری پشێوی بزووتنەوەی خوێندکارانی بەریتانیا. کریس بوو بە سەرکردەیەکی خەباتگێڕی ئەم زانکۆیە. هەروەها دواتریش وازی لە پیشە ئەکادیمی یەکەی هێنا.

لە دوای ئەوە تەواوی ژیانی کاری پراو پرو بەردەوام بوو بۆ سۆسیالیستە ئەنتەرناسیوناکان **(IS)** ، یەکەم جار سەرنووسەری گۆڤاری سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی بوو، لە گەل ئەوشدا ڕۆژنامەنووس بوو لە رۆژنامەی کرێکاری سۆسیالیست. کریس لە سالآنی **1975-1977** سەرنووسەری رۆژنامەی کرێکاری سۆسیالیست بوو. هەروەها دووبارە لە نێوان سالەکانی **1982-1984** هەمان کاری دەکرد. لە کۆتاییدا گەرایەوە بۆ سەرنووسەری سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی تاوەکو ئێستا. ئەوەی کریس ئەنجامی دا ئەرکێکی زۆر بەرهەمدار بوو.

لە کۆتایی سالآنی **1960** دا تاوەکو سەرەتای سالآنی حەفتاکان، سەدان هەزار لە کەسی گەنج ئەو کارەیان دەکرد کە کریس هارمان هەلی بژارد. بەلام کەمایەتی یەک کۆلنەدەر مانەوە ، دوای ئەوەی ئەم خرۆشانە بەرەو کزبوون دەچوو لە ناوەراستی حەفتاکاندا.

کریس تەنها کۆلنەدەر نەبوو، بەلکو لە سەرەتای تەمەنی بیست سالیدا بۆ پێشەوە هەنگاوی دەنا. نووسینەکانی ئەو گەشەی دا بە مارکسیزمی شۆڕشگێر، رێنوێنی یەکانی پێشرەو بوون لەم ئالۆسکاوی و لێلی یەی دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم.

تۆنی کلیف **(Tony Cliff)** بنیاتنەری میراتی سۆسیالیستە ئەنتەرناسیونالەکان، دەیسەلمێنێ هەر لە سەرەتای خالی دەستپێکردنیانەوە کریس لە گەل بنیاتنانی تیۆرییەکانی بەشدار بوو. کلیف ئەوەی شیکردووە کە یەکێتی سۆڤیەت و ولآتانی تری بە ناو "سۆسیالیست" وەکو یەک بیرۆکراتی و سەرمایەداری دەولەتین. ئەمانە یارمەتیمان دەدا بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە سەر مارکسیزمی شۆڕشگێرانە وەکو ئەوەی ئێستا لە ناویدا دەژین.

تەنها لە سەر ئەم بناغەیە بوو، کلیف نیشانی دا، بە تێگەیشتنی مارکس لە سۆسیالیزم بە ناونیشانی رزگاری چینی کرێکاران بەدەستی خۆیان دەتوانرێ مانا و درێژەی هەبێت.

بنیاتنان لە سەر دەسکەوتەکانی کلیف، کریس بە سەربەرزی یەوە توانی درێژە بدا بە پۆلین کردن و چوونە قولآیی تیۆریی مارکسیستی لە زۆر لایەن و پانتایی جیاوازەوە. لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە ئەو کارانەی بەرهەمی هێنابوو لە بەرزترین ئاستدا بوون ، لە بنچینەدا لێکۆلینەوەکانی لە سەر بیروباوەر و شیکردنەوە ڕەسەنەکان بوو. بۆ بەدواداچوونی پوختەی کەم و کوریەکان.

سەرەتای کاری کریس گەشەپێدانی شیکاری یەکانی کلیف بوو لە سەر ستالینیزم. یەکەمین پەرتووکیشی: بیروکراسی و شۆرش لە ئەورووپای رۆژهەلآت ) لە سالی **1974** ، دووبارە لە چاپ دراوەتەوە لە ژێر ناوی خەباتی چینایەتی لە ئەورووپای رۆژهەلآت) ، لێکۆلینەوەیەک بوو لە سەر مێژووی پر لە ناجێگیری و ناکۆکی ڕژێمی سەرمایەداری دەولەتی دوای سالآنی **1945**.

ئەگەر چی لەو کاتەشدا کریس بە ئاشکرا ئەم تیۆرییە ی ڕەتدەکردەوە کە پێی وابوو دەتوانرێ سەراپای ڕژێمی ستالینی ریفۆرم بکات لە سەرەوە . دەکرێ ئەوان ئەم ڕێگا شۆڕشگێرانە بگرنە بۆ ڕووخانیان لە خوارەوە. ئەم لێکدانەوە دروست و بەجێ یە بوو ئەنجامەکەی بووە هۆی روخانی ستالینزم **20** سال لەمەوبەر .

کریس پێشبینی بەرئەنجامێکی ئاواشی دەکرد لە پۆلۆنیا: نووسراوەیەکی نووسی بە ناوی "قەیرانی قەیرانی دەولەتی سەرمایەداری" لە سالآنی **(1976-1977)** . لەم نووسراوەیەدا شیکاری یەکی لە سەر ئەم دەولەتانە کرد کە پێیان دەگوتن ولآتانی "سۆسیالیست" گەوهەری بوونیان جیاوازی نی یە و یەکدەگرنەوە لە گەل سەرمایەداری جیهانی هاوئاوازن لە کرین و فرۆشتنی مرۆڤایەتی.

کریس ئەم شکستەی ناو نابوو" گۆران بۆ لایەکەی تر" لە سەرمایەداری دەولەتی یەوە بۆ سەرمایەداری بازاری ئازاد. کە لە پشێویی و شکانی ڕووداوەکانی سالی **1990** دروست بوو.

**pdfMachine - is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
**Get yours now!**
"Thank you very much! I can use Acrobat Distiller or the Acrobat PDFWriter but I consider your product a lot easier to use and much preferable to Adobe's" A.Sarras - USA

# کریس هارمان : خەباتگێڕ، مامۆستا، نووسەر و هاوڕێ

**November 15, 2009**

توانایی کریس وەکو مێژوونووسێک یەکەم جار ئەو کاتە بە تەواوی دەرکەوت لە گێرانەوەی چیرۆکی یاخی بوونی کرێکاران لە نێوان بیرۆکراسی و شۆڕشدا. کریس لێکۆڵینەوەیەکی زانیستیانەی ئەنجام دا لە سەر شۆڕشی ئەلمانیا لە ساڵی **(1918-1923)** دواتر بە ناوی "شکستی شۆڕش " **(The Lost Revolution,1982)**لە ساڵی **(1982)** چاپی کرد. هەروەها لەو کاتەدا لە دەورانی هەستانەوەکانی کۆتایی ساڵی شەستەکان و سەرەتایی حەفتاکاندا ئەم پەرتووکەی نووسی **(The Fire Last Time,1988)** .

زیاد لەوەیش کریس چەند ووتارێکی گرنگی نووسی لە سەر تیۆریی مارکسیستی بۆ مێژوو. بەڵام بە نووسینی پەرتووکی بە شکۆی "مێژووی گەلانی دونیا" **(1999)** وەکو مێژوونووسێک بەرهەمەکەی گەیشتە ئەوپەڕی بەرزی . بە سەرکەوتنێکی مەزن دەژمێردرا لە ناو جەماوەر دا بە تایبەتی لە دوای دووبارە لە چاپدانەوەی لەم ماوەیەدا لە لایەن دەزگای چاپی ڤێرسۆ **(Verso)** .

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم پەرتووکە ئەوەیە تێگەیشتنی ئەوو نیشان دەدات لە بەرامبەر ئەوەی کە پێی دەڵێن کۆمۆنەی "سەرەتایی" کریس سەرەتا دەستی کر د بە زانیاری کۆکردنەوە بۆ لێتوێژینەوەی مرۆڤ ناسی لە سەر ئەوو کۆمەڵگایە لەو سەردەمەدا بوو کە مشتومرێکی بەهێز هەبوو لە سەر کێشەی رزگاری ژنان لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکاندا.

بۆ ئەوە بەڵگەنەویست بوو، باوەری وابوو ئەو کاتە ژنان و پیاوان دەتوانن بە یەکسانی بژین کاتێ چەوساندنەوەی چینایەتی کۆتایی پێهاتبێت.

ئەم شێوە نموونەیی یە لە روناکبیری کریس، ئەو خۆشی لەم هەووسداریی یە دەبینی بە تایبەتی لەو کێشانەی زۆربەی زۆری لە بەر سوودی و ئارەزووی خۆی نەبوو . بەڵکو بۆ ئەوەی بوو دەستنیشانی مشتو مرە سیاسیی یەکانی پێ بکات.

بۆ نموونە نووسراوەی پێغەمبەر و پرۆلیتاریا **(1994)** خوێندنەوەیەکی پێشرەوانەی مارکسیستی بوو بۆ ئیسلامی سیاسی، ئەمە پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی پرچەک کرد بۆ مشتومرِ و تیکۆشان دوای رووداوی **11** ی سپتێمەر.

هەندێک لە گرنگترین باسەکانی کریس کە راستەخۆ بۆ ئێمە بوو لە سەر کێشە ی ستراتیژ و تاکتیکی شۆڕشگێرانە. نووسراوە سەرەتایی یە نایابەکەی ، "حیزب چین" **(1968)**، کە لە ئەسلدا لە نووسراوەیەکی ناوخۆیی یەوە هاتبوو بۆ بەودا داچوون و رازی کردنی رادیکالیزمی خوێندکاران کە ئەو کاتە گاڵتەیان بە سۆسیالیستە ئەنتەرناسیونالەکان **(IS)** دەکرد لە سەر زەرورەتی بنیاتنانی پارتی پێشرەوی لینینی.

لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکاندا ، لەو کاتانەدا کە سەرلێشێواوی چەپی رادیکال لە نەشونماکردندا بوو. کریس چەندین کۆبوونەوەی گرنگی رێکخستن لە ناویاندا. بە تایبەتی لە دەورانی شۆڕشی پورتوگالی لە ساڵی **1974-75** دا، هەروەها دژایەتی کردنی ئەوانەی کە تەقەلایان دەکرد ئەنتۆنیۆ گرامیشی بگۆرن بۆ بیرمەندێکی ریفۆرمیزم.

هەمان خولیا پێوە گرتن لە گەڵ پێشکەشکردنی کاری سیاسی بە بزواندن و زانیاری لە کۆتایی و ناوەراستی نووسینەکانی کریس پۆلینکردن و لێکدانەوەی خودی نیزامی سەرمایەداری یە

ئەو زۆر بە قولی و لە بناغەوە لە ئابووری سیاسی مارکسیستی تێگەیشتبوو. هەر ئەو کاتە زۆر بلیمەتانە ئەم ئامانجەی نیشان دا لە دیالۆگەکانی لە کۆتایی ساڵی **1960** دا لە گەڵ ئەرنێست مەندێل **(Ernest Mandel)** ، رێبەری ئەنتەرناسیونالی چوارەم.

ئەو کۆمەلە وتارانەی بەم دواییە کۆیکردوە لە ژێر ناوی " راڤە کردنی قەیرانەکان" **(Explaining The CRISIS,1983)** کە لە سەر ئەساسی کارەکانی پێشووی مایک کیدرون **(Mike Kidron)**بنیاتنرابوون. کیدرون نیشانیداچۆن مەسەلەی خەرجی چەک گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی و هەروەها سەرمایەداری بۆ ماوەیەکی کاتی جێگیر بوو لە دوای جەنگی جیهانی دووەم دا.

کریس ئێستا درێژەی دا بەم لێکدانەوانە بۆ نیشاندانی رەوایی ئەم راڤەکردنە و گەرانەوە بۆ قەیرانی سەرەکی سیستەمەکە. ئەم کارەشی لە سەرەتای ساڵەکانی **1960** دا بەرەو پێش برد.

**pdfMachine - is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
**Get yours now!**
"Thank you very much! I can use Acrobat Distiller or the Acrobat PDFWriter but I consider your product a lot easier to use and much preferable to Adobe's" A.Sarras - USA

# کریس هارمان : خەباتگێڕ، مامۆستا، نووسەر و هاوڕێ

November 15, 2009

لەم کات و ساتانەی ئابووریناسە مارکسیستەکان خەریکی پشێوی ئەکادیمی بوون. ئەویش لە هەوڵدانی بەردەوام دا بوو بۆ تێگەیشتن لە تیۆری مارکس لە یاساکانی بزووتنەوەی سەرمایەداری.

کریس لە نووسین سەبارەت بە ئابووری سیاسی بۆ دەیان ساڵی تر بەردەوام بوو، بەڵام ئەو لە کۆتایی ئەم سالیدا گەرایەوە بۆ سەر باسە قولەکانی لە پەیوەند بەم مەسەلەیەوە ، نشونماکردنی دیالۆگەکانی لە گەل ڕابەرانی تری ئابووریناسی مارکسیستی. لە گەل ئەوەشدا پەرتووکی " سەرمایەداری مردووی گیان بە بەرداکراو" **(Zombie Capitalism)** تەواو کرد و لە سەرەتای ئەم ساڵەدا چاپی کرد. خوێندنەوەیەکی بەشکۆیە بۆ دەست نیشانی کردنی ئەم قەیرانەی ئێستا ، لە زەمینەی مێژووی و دینامیکی نیزامی سەرمایەداری بە شێوەیەکی گشتی.

لێرەدا بەشێک لەم دەسکەوتانە ،لەوانەیە زۆر کاری ئەکادیمی بێنێتە دی. بەڵام کریس هەموو ئەمانەی بەرهەم هێنا، هەروەها زۆر لەمەش زیاتر، ئامانجی ئەوە نەبوو دڵنەوایی و خۆشگوزەرانی یاخود پایە بڵندی ئەکادیمی بە دەست بێنێت، بەڵکو ئەم کارەی سەرومڕ **(Full Time)** دەکرد بۆ پارتی کرێکارانی سۆسیالیست بە کەمترین کرێی کرێکارێک.

گەورەترین ئەرکی حیزبی سەرنووسەری ڕۆژنامەی کرێکاری سۆسیالیست بوو، لە سەرەتای ساڵی **1980** دا کە دووبارە کەوتەوە ئەستۆی کریس.

کریس ڕابەری ڕۆژنامەکەی دەکرد لە هەموو لایەکەوە بۆ زۆرانبازی لە گەڵ تاتچەریزم — لە سەروی هەموو ئەوانەشەوە مەزنترین داستانی مانگرتنی کرێکارانی کانگەکان بوو لە ساڵانی **(19841985)** دا- هەروەها دەورانی خامۆشی ساڵی **1990** ، تاوەکو دەیەی رابردوو سەرلەنوێ نیشاندانەوە و رادیکالیزەبوونەوەی بزووتنەوەی ئەنتی سەرمایەداری و —بزووتنەوەی دژی شەڕ.

کریس لێهاتووی یە بێسنووری یەکانی خۆی دادەپۆشی ، هەروەها دەستکەوتەکانی لە بەرامبەر شەرمنی ڕوو بەدەرەوە. ئەو بەتەواوی و بە هیچ جۆرێک لە جۆرەکانی خۆی دەرنەدەخست.

بەڵام، ئەو هەمیشە پەرەی دەدا بە سونەت و رەوشتی شۆڕشگێرانە. کریس لە کۆبوونەوی تازەی زانکۆی ئابووریناسی دا یادی ڕۆژەکانی پێشووی خەباتی خوێندکارانی دەهاتەوە یاد لە ساڵی شەستەکاندا . هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ڕایگەیاند ئەگەر خانەنشین ببێت ، ئینجا کاتی زیاتری دەبێت بۆ چالاکی سیاسی.

کریس دەبوایە تا تەمەنی پیری بە بەختەوەری بژیایە. بەڵام بێبەزەیانەی ژیان ئەم هەلەی لێ برد. ئەو بە نووسینەکان و نەریتە سیاسی یەکانی هەر دەمێنێتەوە و نامرێ ،کە بوونەتە میراتێک بۆ پارتی کرێکارانی سۆسیالیست و دەستە خوشکەکانی لە ڕەوتی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی .

بەڵام ئەمەش بەمانای ئەوە نیە لە دەست دانی مەرگە ساتی ئەو خەسارەتێکی گەورە نیە – لە سەروی هەموویانەوە بۆ هاوسەری ژیانی تەلەت **(Talat)** و منالەکانی سیز **(Seth)** و سینید **(Sinead)** ، بەڵام زیاد لەوەش بۆ بازنەیەکی زۆر فراوانتر ئەوانەی ئەو کاریتێکردوون.

من شەخسی خۆم کەسێکم لە دەست دا هاوڕێ، برادەر، مامۆستام بوو بۆ ماوەی زیاتر لە **35** ساڵ. ئەم ساتە بۆ غەمگینی و ئێش وئازارە، پێش ئەوەی (هەروەکو کریس ئارەزوو چاوەروانی دەکات) دووبارە دەست بکەینەوە بە خەبات .

ئەم وتارە لە نووسینی (ئەلێکس کالینیکۆس)ە لە ژمارە ی تازەی **(2177)** ڕۆژنامەی "کرێکاری سۆسیالیست" بڵاوکراوەتەوە

pdfMachine - is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Get yours now!
"Thank you very much! I can use Acrobat Distiller or the Acrobat PDFWriter but I consider your product a lot easier to use and much preferable to Adobe's" A.Sarras - USA

# کریس هارمان : خەباتگێڕ، مامۆستا، نووسەر و هاوڕێ

November 15, 2009



- زۆربەی زۆری پەرتووکەکانی کریس هارمان لە کتێبخانەی مارکس دەست دەکەوێت بەم ناونیشانەی خوارەوە: . www.bookmarksbookshop.co.uk
- بەشێک لە نووسراوەکانی کریس هارمان لە ماڵپەری (ئەرشیفی ئەنتەرنێتی مارکسیستەکان) دەبینرێت بەم ناونیشانەی خوارەوە: www.marxists.org

## بەشێك لە پەرتووکەکانی کریس هارمان بە زمانی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی فارسی



















**pdfMachine - is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
**Get yours now!**
"Thank you very much! I can use Acrobat Distiller or the Acrobat PDFWriter but I consider your product a lot easier to use and much preferable to Adobe's" A.Sarras - USA

# كريس هارمان : خەباتگێڕ، مامۆستا، نووسەر و هاوڕێ

**November 15, 2009**



















pdfMachine - is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Get yours now!
"Thank you very much! I can use Acrobat Distiller or the Acrobat PDFWriter but I consider your product a lot easier to use and much preferable to Adobe's" A.Sarras - USA

# كريس هارمان : خەباتگێڕ، مامۆستا، نووسەر و هاوڕێ

November 15, 2009













**pdfMachine - is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
**Get yours now!**
"Thank you very much! I can use Acrobat Distiller or the Acrobat PDFWriter but I consider your product a lot easier to use and much preferable to Adobe's" A.Sarras - USA